## ئامادەبوانی بەڕێز، میوانە ئازیزەکان

سەرەتا بەناوی کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایارەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی هەمووتان دەکەینو پیرۆزبایی یەکی ئایار لەئێوەو خۆمان و گشت چینی کرێکار دەکەین.

## بەڕێزان :

یەکی ئایار ئەو رۆژەیە کەتیایدا کرێکارانو خەڵکی ئازادیخواز لەسەرتاسەری دنیادا دوور لەڕەنگی پێستو رەگەزو ناسنامەی نەتەوەییو ...تاد دژی زوڵمو ناعەدالەتی دەنگ هەڵدەبڕن. سەرباری ئەو هێرشە گەورانەی کە سیستمی سەرمایەداری کردوویەتیە سەر چینی کرێکارو دەستکەوتەکانی بەشەریەت، هێشتا دنیای ئەمرۆ پڕە لەو مانگرتنو نارەزایەتیانەی کەچینە داراکانو حکومەتەکانیان دەهێنێتە سەر چۆكو ناچاریان دەکات گوێ بۆ خواستو داواکاری عادیلانەی کرێکارانو خەڵکی بەشمەینەت بگرنو ملی پێبدەن.

بۆ ئێمەش لەعێراقدا یادکردنەوەی یەکی ئایار بەو مەبەستەیە کەچینی کرێکارو هێزە ئازادیخوازەکانو پێشکەوتنخوازەکان بۆ بەدیهێنانی خواستو داواکاریە رەواکانیان بهێنینە مەیدانو وەبەدژی زوڵمو ناعەدالەتی رابوەستین.

گێرانی مەراسیمی یەکی ئایار بۆ ئێمە بەتەنیا بەرپاکردن و یادکردنەوەی بۆنەیەك نیە، یادکرنەوەی ئەم رۆژە بۆ ئێمە بەو مەبەستە پیرۆزەیە کەچۆن جارێکیتر چینی کرێکار لەکوردستانو عێراق بەگشتی بتوانێت رۆڵ و کاریگەری خۆی هەبێت لەبڕیارە چارەنووس سازەکاندا، چۆن ئەو چینە بتوانیت لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەم دەورەیەی عێراقدا خاوەن قسەی خۆی بێت، چۆن ناوەندە کرێکاری و سەندیکاکان دوور لەدەست تێوەردانی حزبی و حکومی خۆیان رێکخەن، چۆن ئەم چینە دوور لەجیاوازی نەتەوەییو رەگەزیو دین دەست بۆ دروستکردنی سەندیکاو یەکێتیەکانی خۆی بەرێت، چۆن بیکەین بە سەکۆیەك بۆ ئەوەی هەموو لایەنو ریکخراوە چەپو پێشکەوتووخوازەکان پێکەوە کۆبکەینەوەو کارەکانیان پێکەوە لەیەك گرێبدەنو تێکرا خزمەت بە بەرژوەندیەکانی کرێکارانو خەڵکی عێراقو کوردستان بکەن..

## ئامادە بوانی ئازیز

هەروەك ئاگادارن عێراق بەدەورانێکی زۆر چارەنووس سازدا تێپەردەبێت، ئەگەرچی چینی کرێکارو گشت خەڵکی عێراق لەچنگ دەسەلاتی رەشی نیزامی بەعس وا زیاتر لەدوو ساڵە رزگاریبووە بەلام ئیرهابی پاشماوەکانی بەعسو هیزە ئیسلامیە تیرۆریستەکانو بەرامبەرکێیان لەگەڵ ئەمریکادا نەیانهێشتووە خەڵکی عێراق هەناسەی ئازادیو رزگاری هەڵژێو لەناو تەقینەوەو کوشتارو خوێنرژانو نائەمنیدا خواستو داواکاریە پەنگخواردووەکانی کرێکارانو خەڵکی عێراقو کوردستانیان نوقمکردووە.

لەلایەکی ترەوە ئەمرۆ هێزە ئیسلامیەکان زۆرینەی پەرلەمانو حکومەتی عێراق پێکدەهێننو ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر خەڵکی عێراقو کرێکارانو هەموو توێژە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگا.

چونكه ئەم هێزانە نەك هەر مل نادەن بەدامەزراندنی دەسەڵاتێكی عیلمانیو مەدەنیو مافە سەرەتاییەكانی ژنان بەرەسمی ناناسن، بگرە رەمزی بێمافیو پێشێلكردنی مافەكانی كرێكارانو خەڵكی زەحمەتكێشو بەشخوارووشن.

لەسایەی دەسەڵاتی ئەم هێزانەو حكومەتە قەومیو دینیەكەیاندا ئەبێت كرێكارانو خەڵكی زەحمەتكێشی عێراقو كوردستانو بزووتنەوەی ژنانو بزووتنەوەی لاوانی پێشكەوتنخوازو سەرجەم هێزە رادیكاڵو پێشكەوتووەكانیتر خۆیان بۆ رووبەروبونەوەی گەورە ئامادەبكەنو خواستو داواكاریەكانی خۆیان لەئێستاوە گەڵاڵە بكەنو چیتر رێگا نەدەن كەئەمڕۆو سبەینێ پێبكرێتو بەئایندەیەكی نادیار بسپێردرێت.

خەبات بۆ جیاكردنەوەی دین لەدەوڵەتو بەرەسمی ناسینی عیلمانیەت لەدەستووری ئایندەی عێراقدا جگە لەوەی خواستێكی دیموكراتیكو عادیلانەیە، هەنگاوێكیشە بۆ زاڵبوون بەسەر دووبەرەكیو كێشەو ململانێی تائیفیو مەزهەبی كەماوەیەكە لەریزەكانی كرێكارانو خەڵكی عێراقدا زیاتر پەرەیسەندووە.

هەروەها خەبات بۆ یەكسانی هەمەلایەنەی ژنان لەگەڵ پیاواندا، خەبات بۆ چارەسەركردنی كێشەی بیكاریو بەدیهێنانی مافی پێكهینانی نەقابەو یەكێتیە كرێكاریەكانو.....تاد ئەمانە سەرەكیترین ئەو خواستانەن كەلەم یەكی ئایارەدا پێویستە بەرزی بكەینەوەو بۆی تێبكۆشین.

## بەرێزان :

دەسەڵاتداران بەئاسانی مل بەم خواستو داواكاریەكانی ئێمە نادەن، ئەوان كاتێك دەوری چینی كرێكارو خەڵكی زەحمەتكێش وەلا دەنێن لەوەوەیە كەئەم چینە ڕیزەكانی خۆی یەك نەخستووە، بەپرۆژەو نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بەشداری چالاكانەی سیاسیان نەكردووە، لەلایەكی تریشەوە پەرش و بلاّوی بەرەی چەپ ئەوەندی تر دەستی بەرەی بۆرجوازی ئاولاّ كردووە تا پرۆژە و بڕیارە كۆنەپرستانەكانی خۆیان بكەن بە یاساو بەسەر ئێمەدا بیسەپێنن.

بۆیە ئالۆگۆڕە سیاسیە خێراكان چیتر ڕێگەی ئەوەمان بۆ ناهێڵنەوە كە درێژە بەكارو هەڵسورانمان بدەین بەو شێوەیە، ئەگەر ئێمە جیاوازیە لاوەكیەكانمان وەلا نەنێینو لەدەوری یەك كۆنەبینەوە بەهیچ شێوەیەك شانسی ئەوەمان پێ نابەخشن كەچینی كرێكار كاریگەر بێت و دەوری چارەنووس ساز بگێڕێت لە كۆمەڵگادا.

با یەكی ئایار بكەینە خاڵی دەستپێكردنی دەورەیەكی نوێ لەكارو خەباتمان، با ئەمڕۆ بكەینە ڕۆژی نزیكبوونەوەی زیاتر لە یەكترو لەیەگرێدانی كارو هەڵسووڕانمان بۆ بەدیهێنانی خواستەكانمان.

**بەرزو بەڕێز بێت یەكی ئایار ، بژی چینی كرێكار .**

**کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار لەشاری کەرکوك**

1ی ئایاری 2005

1-**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق**

2-**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

3-**پارتی کاری دیموکراتی کوردستان**

4-**تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان**

5-**کۆمەڵی هەڵسوراوی بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ**